# ڕۆڵی زمان لەشەڕی دەرونیدا

**دەرون عبدالرحمن صالح**
**بەشی كوردی، كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق**
darun.salih@univsul.edu.iq

## پوختە

ناونیشانی توێژینەوەكە، بریتیە لە (ڕۆڵی زمان لەشەڕی دەرونیدا) و ڕێبازی لێكۆڵینەوەی توێژینەوەكە (وەسفی شیكاری)یە، هەروەها كەرەستەی توێژینەوەكەمان لەزمانی ئاخاوتن و نوسینی ڕۆژانەی خەڵكەوە وەرگرتوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، كە تیشك خراوەتەسەر بەكارهێنانی وشەو ڕستە لەشەڕی دەرونیدا بەمەبەستی پێكانی مەرام و مەبەستی تایبەت. ئەم توێژینەوەیە خۆی لەسێ تەوەردا دەبینێتەوە، تەوەری یەكەم بریتیە لە (شەڕی دەرونیی و ئامانجەكانی) لەم تەوەرەدا، بەشێوەیەكی تیۆری ئاماژەمان بەشەڕی دەرونیی و وردەكارییەكانی كردوە، كە چەند بابەتێكی لەخۆگرتوە: ناساندنی شەڕی دەرونی، ئامانجەكانی شەڕی دەرونی، كەرەستەكانی شەڕی دەرونی و شێوازەكانی شەڕی دەرونی. تەوەری دووەمیش بەناونیشانی (كاریگەری وشە لەشەڕی دەرونیدا)، لێرەدا بەشێوەیەكی پراكتیكی تیشكمان خستۆتەسەر ڕۆڵ و كاریگەری وشە لەشەڕی دەرونیدا. تەوەری سێیەمیش بەناونیشانی (كاریگەری ڕستە لەشەڕی دەرونیدا) خۆی دەنوێنێت، لەم تەوەرەشدا بەشێوەیەكی پراكتیكی گرنگی و پێگەی ڕستەمان لەم جەنگەدا ڕونكردۆتەوە. هەر لەم تەوەرەیەدا چەند بابەتێك لەخۆ دەگرێت: جۆرەكانی واتا لەشەڕی دەرونیدا، جۆرەكانی ڕستە لەشەڕی دەرونیدا.

زمان بەچەكێكی سەرەكی و بەهێزی شەڕی دەرونی دادەنرێت، كە ئەم شەڕە تەنها تایبەت نییە بەبواری سەربازی و دەرونزانییەوە، بەڵكو لەگشت بوارەكاندا پەرەیسەندوە، بەتایبەتیش لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا كە بەهۆی دەزگاكانی ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە ئەم شەڕە زۆر چالاك بووە. شەڕی دەرونیی بریتییە لەگۆڕینی بیروباوەڕو ڕەفتاری تاك یان كۆمەڵ، واتە داماڵینی عەقڵی مرۆڤ، كە ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی ورەو هێزی بەرامبەر. مەترسی زمان لەجەنگی دەرونیدا كەمتر نییە لەمەترسی تۆپ و تفەنگ، چونكە زمان ڕۆڵێكی سەرەكی لەم بوارەدا دەگێڕێت، كە بەهۆی وشەو ڕستەی كاریگەرەوە جەنگێكی سەخت بەرامبەر كارلێكراو دەكرێت. ئەوەی سەركەوتنی ئەم جەنگەش مسۆگەردەكات (خاڵی لاواز)ی مرۆڤەكانە. ئەم جەنگە بەشێوەی زمانێكی زبرو ڕەق یان بەشێوەی زمانێكی نەرمونیان ئەنجام دەدرێت.

**كلیلە وشە**: زمان ، شەری دەرونی،كۆمەلناسی ، كۆمەلگا.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

## تەوەری یەکەم: شەڕی دەرونی و ئامانجەکانی:

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین، بەشێوەیەکی تیۆریی شەڕی دەرونی و وردەکارییەکانی بخەینەڕوو، لەپێناو بەرچاو ڕونی دەربارەی ئەم شەڕەو وردەکارییەکانی.

### 1- ناساندنی شەڕی دەرونی:

شەڕی دەرونی (الحرب النفسیة/ psycho war)، یەکێکە لەو بوارانەی کە پێناسەیەکی تایبەتی نییە، بەڵکو پێناسەو ماناکەی لەبوارێکەوە بۆ بوارێکی تر دەگۆڕێت، هەر بۆیە تائێستا ئەم چەمکە واتای جۆراوجۆری لەخۆگرتوەو چەندین ناساندنی هەمەچەشنەو جیاوازی لەلایەن پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکانەوە بۆ کراوە. شەڕی دەرونی لە بواری سەربازیدا بریتییە لە (کۆمەڵێک کردەوە، کە مەبەست لێیان کارلێکردنە بۆ سەر دوژمن، جا چ سەرکردەی سیاسی، یان فەرماندەی سەربازیی یان تاک یان هاوڵاتی مەدەنی بێت، ئەوەش لەپێناو خزمەتکردنی مەبەستەکانی ئەو شەڕەدا). (الایوبي، 1979: 402). شەڕی دەرونی لەبواری سیاسەتدا وەها پێناسەدەکرێت کە:"جۆرێکە لەبیرو بۆچوون و زانیاری ناڕوون و تەمومژاوی لەشێوەی مەترسی یان ئاسانکاری یان زانیاری ناڕاست، کە هەندێ لەوڵاتەکان لەدژی کۆمەڵگا یان وڵاتانی دوژمن یان وڵاتانی بێ لایەن بەڕێگای جۆراوجۆرو لەشێوەی ڤایرۆسدا بڵاویدەکەنەوە، کە جیهازی بەرگریی دەرونی و جیهازی بیریی ئەو کۆمەڵگایانە تێکدەدات، هەربۆیە کۆمەڵیش توشی سەر لێشێواندنی بیرو ئیفلیجبوونی ئیرادەو ئارەزوی ڕووبەڕوبونەوە دەبێت، کە ئەمەش ئامادەیان دەکات بۆ خۆ بەدەستەوەدان بۆ هەموو ئەو سیاسەت و بڕیارو پێشنیازانەی لەلایەن وڵاتانی بەکارهێنەری شەڕی دەرونیەوە دەخرێنەڕوو".(عبدالسلام، 2011: 3).

پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسیش بەمجۆرە شەڕی دەرونیی دەناسێنن کە:"بەکارهێنانێکی نەخشە بۆ داڕێژراوە و لەلایەن یەک وڵات یان چەند وڵاتێک لەکاتی شەڕ یان ئاشتیدا لەڕێگەی بەکارهێنانی پڕوپاگەندەوە پەیڕەودەکرێت، ئەوەش بەمەبەستی کارلێکردنەسەر بیروبۆچوون و هەستو سۆزو هەڵوێست و ڕەفتاری بەرامبەر، جا بەرامبەرەکە دوژمن یان بێ لایەن یان دۆست بێت بەڕێگایەک کە یارمەتیدەربێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و ئامانجی ئەو وڵاتە، یاخود وڵاتەکان". (زهران، 1979: 361). شەڕی دەرونی لەڕوانگەی زمان و کەسایەتیشەوە بریتییەلە: (گۆڕینی ڕەفتارو ئامانجەکەشی پێکانی کەسایەتیەکانە، بۆیە چەکی ئەم شەڕە تەنها زمان و وشەو بیرۆکەیە). (النجار، 2005: 156)، کە لەڕێگەیانەوە هەوڵی ڕوخاندنی وورەی بەرامبەر دەدرێت و پاشان ئامادەیان دەکات لەڕووی دەرونییەوە بۆ وەرگرتنی هەر بیرۆکەیەک و هاندانیان بۆ جێبەجێکردنی.

شەڕی دەرونی بەچەندین زاراوەی تریش خراوەتەڕوو، لەوانە: (شەڕی سارد، شەڕی مێشک، شەڕی پڕوپاگەندە، شەڕی وشە، جەنگی دەرونی، شەڕی قسەو قسەڵۆک، ململانێی بیری یا هزری، کە لەناوەرۆکدا هەموویان هەمان واتاو مەبەست دەگەیەنن. شەڕی دەرونی بریتیە لەگۆڕینی ڕەفتارو بیروباوەڕی تاک، یان کۆمەڵ،



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

كە لەڕێگەیەوە دەبێتەهۆی ڕوخاندنی ورەو داگیركردنی عەقڵی مرۆڤ. شەڕی دەرونی گوزەردەكات بەناو ناخی مرۆڤەكانداو كاریگەری لەدەمارو ورەو هەست و سۆزی دەكرێت و لەو ڕێگەیەشەوە شێواویی لەسەر عەقڵ و بیركردنەوەی مرۆڤەكان دروست دەكرێت و ترس و دڵەڕاوكێ لەناخیاندا دروست دەبێت تاوایان لێدێت متمانەیان بەخۆیان نامێنێت و هەستی خۆ بەكەمزانین داگیریان دەكات، تا ئەو ڕادەیەی دوژمن بەدۆست و دۆستیش بەدوژمن دەزانن. لێرەدا كارلێكەر سود لەبەكارهێنانی چەكەكانی شەڕی دەرونی دەبینێت بۆ بەدەستهێنانی مەرامەكەی، كە ئەویش بریتیە لەبەكارهێنانی زمان لەڕێگەی وشەو ڕستەی كاریگەرەوە، جا بەشێوەی دەربڕینی نەرمونیان، یاخود زبرو ڕەق بێت.

## 2- ئامانجەكانی شەڕی دەرونی:

شەڕی دەرونی بریتییە لەكۆمەڵێك ڕێوشوێنی تایبەت، كە لایەنی یەكەم لەبەرامبەر لایەنی دووەم دەیگرێتەبەر بەمەبەستی كۆنترۆڵكردنی هەست و نەست و هۆش و بیرو ڕەفتارەكانی، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگەی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت یان پەنا دەباتەبەر كەناڵی ڕاگەیاندنی بینراوو بیستراوو نوسراو و سۆشیال میدیا بەئامانجی بەدیهێنانی مەبەستەكانی، كە ئەمەش پێویستی بەسەلیقەو زیرەكی و لێهاتویی و هونەری فێڵكردنە، كە دەبێت لایەنی یەكەم پێڕەوی بكات و دواجار دەبێتە زەمینەیەك بۆ لاوازكردنی لایەنی بەرامبەرو شكستهێنانی و كشانەوەی لەمەیدانی جەنگەكەدا.

شەڕی دەرونیی چەند ئامانجێك لەخۆ دەگرێت، كە خۆیان لە لاوازكردنی بیرو باوەڕی لایەنی بەرامبەر لەڕووی ئاین و پرنسیپ و بەها پیرۆزەكانیەوە دەبیننەوە، ئەوەش لەڕێگەی گەورەكردنی هەندێ لەهەڵەی ڕەفتارو بیرۆكە جیاوازەكانیانەوەو سوككردنی هەندێ بەهاو تەشهیركردن پێیان تائاستی گاڵتەجاڕی، هەروەها كاردەكات بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەكی لەڕیزی لایەنی بەرامبەر یان كەسی بێ لایەن لەڕێگەی جیاكردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵ لەیەكتری لەلایەك و، درزخستنە نێوان گەل و دەسەڵات لەلایەكی ترەوە، ئەوەش لەڕێگەی كۆنترۆڵكردنی ئیرادەی گەلان و ئاڕاستەكردنیان بۆ ئامانجێكی دیاریكراوی لایەنی كارلێكەر بەمەبەستی سود گەیاندن بەبەرژەوەندی و سیاسەتەكانیان، كە دواجار خنكاندنی بیروباوەڕو بەها پیرۆزەكانی گەلی لێدەكەوێتەوەو هەستی ڕوخاندن و نائومێدی لەناو تاكەكانی كۆمەڵدا زیاد دەكات، بەتایبەتیش لەناو چینی گەنجاندا بەئامانجی لەدەستدانی هیواو ئاواتەكانیان). (عبدالسلام، 2011: 2 – 3).

شەڕی دەرونی وەك ستراتیژێك بۆ بەجێهێنانی ئەو ئامانجە دەگیرێتەبەر كە بریتیە لە:"كارلێكردنە سەر بیرو بۆچوون و تێڕوانین و ڕەفتاری بەرامبەر"(سمیسم، 2004: 23) جا چ تاك یان كۆ بێت، ئەم كارلێكردنەش بەچەند ڕێگایەكی زانستی جێبەجێدەكرێت وەك: (بەكارهێنانی ڕاستی و ناڕاستی لەخستنەڕوی ڕوداوەكان پاش هەڵهێنجانی بەشێك لەو ڕوداوانە، كە كاریگەرییان لەسەر بەرامبەر دەبێت، هەروەها ڕۆڵی زمان كە پەیوەستە بەبەرجەستەكردن



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

و بەکارهێنانی وشەکان لەڕووی مانای تایبەت، یان خوڵقاندنی مانا بۆیان وەک ئەوەی لەدروشمە بریقەدارەکاندا دەخرێنەڕوو) (سمیسم، 2004: 127). لێرەشدا دەتوانین بڵێین کە مەرج نییە ئەنجامەکانی شەڕی دەرونیی لەماوەیەکی کورتدا دەربکەوێت، بەڵکو لەوانەیە چەند مانگ یان ساڵانێک بخایەنێت.

## 3- کەرەستەکانی شەڕی دەرونیی:

شەڕی دەرونی ئامرازێکە بۆ وروژاندنی هەستی لایەنی بەرامبەرو پاڵنەرێکیشە بۆ ئاراستەکردنیان بەئاراستەی ویست و خواستە شاراوەکانیان لەکاتی جەنگ یان لەکاتی تەنگ و چەڵەمەو هەرەشەدا، دواجاریش هەوڵێکە بۆ شکاندن و ڕوخاندنی ورەو پاشانیش ئامادەکردنی بەرامبەر بۆ پەسەندکردنی هەر بیرۆکەیەک و هاندانیان بۆ جێبەجێکردن و یارمەتیدانیان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو بیرۆکەیە. سنوری شەڕی دەرونی تەنها لەچوارچێوەی دەرونزانی و سەربازیدا بچوککراوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا خۆی لەگشت بوارەکاندا دەبینێتەوە. لەم جەنگەدا هەمیشە سود لەخاڵی لاوازی مرۆڤەکان یان سەرکردەیەک یان میللەتێک یان دەوڵەتێک دەبینرێت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی خواست و مەرامی دیاریکراو، بۆ نمونە: چەندین جار سوکایەتیان بەپێغەمبەر محمد(د.خ) دەکرد، ئەویش لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بە وشەو ڕستەو وێنەی گاڵتەجاڕی و فیلم و کاریکاتێر، شەڕی دەرونیان ئاراستەی کۆمەڵگەی موسڵمانان دەکرد، هەمیشە سودیان لەخاڵی لاوازی موسڵمانان وەردەگرت و پەنایان دەبردە بەر ئەم ڕێگایە. لەکاتێکدا ئەم شەڕە هەر لەپێش هەڵگیرساندنییەوە شەڕێکی شکستخواردوبووە، چونکە پێغەمبەر(د.خ) پێویستی بەبەرگریکردنی مرۆڤەکان نییە، لەبەرئەوەی خوای گەورەو باڵادەست خۆی دەیپارێزێت، کاتێک دەفەرموێت: [ إنا كفيناك المستهزئين] ( الحجر: الآية 95)، هەروەها دەفەرموێت:[ إن شانئك هو الأبتر] (الكوثر: الآية 3)، لەهەمانکاتدا ئەو سوکایەتی پێکردنە هیچ کاریگەریەکی لەسەر مەزنی و پیرۆزیی پێغەمبەرمان نابێت، یاخود هیچ لەشکۆو مەزنی کەمناکاتەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەو وتەو فیلمانە دەرونی موسڵمانان ئازاردەدەن و لەئەنجامدا پەرچەکرداری هەڵەی لێدەکەوێتەوە، کە لەشێوەی توندوتیژیدا دەخرێنەڕوو، ئەمەش وادەکات موسڵمانان لەلای لایەنی بەرامبەر (ئەوروپا) وەک کەسانی توندڕەو دەربکەون، هەر بەوشێوەیەی لەبەشێک لەوڵاتانی عەرەبیدا ڕویدا.

- کەرەستەکانی شەڕی دەرونیی لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو:(صلاح نصر، 1966: 77 ).

1. تەڵەکەبازی و هەڵخەڵەتاندن و شێواندنی ڕاستییەکان.
2. دروستکردنی دوودڵی و ترس لەناخی بەرامبەردا.
3. جنێودان.
4. بوختانکردن و باسکردنی بابەتی شەڕەکە.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

5. دروستکردنی هێزێکی بەتوانا و بوێر.

6. هەڕەشەکردن بەبوونی هێزێکی چەکداریی زۆرو جوامێر.

7. بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بۆ ڕوخاندنی ورەی بەرامبەر.

8. سوکایەتیکردن بەهێزی بەرامبەر.

9. سودوەرگرتن لەگرفت و ناکۆکی ئاینی و ئاینزاکان و تایفەگەرییەکان.

10. ترس و تۆقاندنی بەرامبەر لەڕێگەی چەمکی تیرۆرەوە.

## 4- شێوازەکانی شەڕی دەرونی:

شێوازەکانی شەڕی دەرونی خۆی لەچەند جۆرێکدا دەبینێتەوە:

**1- پڕوپاگەنــدە**: پڕوپاگەنــدە وەک هەریەکێـک لەدەســتەواژەکان پێناســەی جۆراوجــۆری بــۆکراوەو بەپێــی تێگەیشتنی کەسیی و بیروباوەڕو بواری کارەکەی ڕونکراوەتەوەو ناوەڕۆک و ئامانجەکانی خراوەتەڕوو، بەگوێرەی ئەو تێڕوانینەش یەکێک لەپێناسەکانی پڕوپاگەندە بریتیە لە:"بڵاوکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆر لەشێوەی ڕاستی یان نـیمچە ڕاسـتی، پڕەنسـیپ یـان دەمەقـاڵە یـان درۆ، بەپێـی ئاڕاسـتەیەکی دیـاریکراو لەلایەن تـاک یـان کـۆمەڵێکەوە بەئامـانجی کارلێکردنەسـەر ڕای گشـتی و گـۆڕینی ئاڕاسـتەی تـاک و کـۆمەڵ لەڕێـگەی بەکارهێنـانی ئامرازەکـانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی تایبەت بەجەماوەرەوە" (النجار: 2005: 159).

ئەم ئـامرازە بەیەکێـک لەهۆکـارە سـەرەکیەکانی شـەڕی دەرونیـی دادەنرێت، بەو پێیەی ڕۆڵـی گەورەو کـاریگەر لەگۆڕینی ئاڕاستەی بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگا دەبینێت، کە ڕوکەشی جوان و نایاب دەخاتە بەردەمی لایەنـی کـار لەسـەرکراو بەجۆرێـک بەلاڕێیدا دەبـات و نزیکـی دەکـاتەوە لەمەبەسـتە شـاراوەکانی پشـت پڕوپاگەنـدەکەوە، تـاوای لێدێت باوەڕیـان پێدەکات، هەربۆیە لەدێر زەمـانەوە پەنـابراوەتەبەر ئەم ئـامرازەو لەشـەڕی سـەربازی و سـاردیشـدا بەزۆری بەکارهــاتووەو تــرس و تۆقانــدنی لەناخــدا چانــدوە، کە کــاریگەری لەســەر لایەنــی دەرونیــی بەرامــبەر دروسـتکردوەو بەشـێوەیەکی زانایـانە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکـانی پـێ گۆڕاوە، کە دواجـار لەبەرژەوەنـدی لایەنـی یەکەم و دەسـتپێشـخەر شـکاوەتەوە. بەو پێیەی پڕوپاگەنـدە کـار لەسـەر کـۆنترۆڵکردنی هەسـت و نەسـت و سـۆزی لایەنی بەرامبەر دەکات و دەیەوێت لەو ڕێگایەوە ئامانجەکانی بپێکێت، بۆیە ئەو "هەست و سۆزانە بەپێی پێویستی و بـارودۆخ قۆرخـدەکات، هەنـدێ کـاتیش خۆشـەویسـتی کـۆمەڵێکی دیـاریکراوی ناهۆشـیارو خـۆش بـاوەڕ دەقـۆزێتەوە بەجۆرێک هانیان دەدات کە دژی دوژمنەکانیان هەڵسوکەوت بکەن" (النجار، 2005: 164 – 165).

ئەو هەڵســوکەوتەش بەچەنــد ڕێگەیەکــی جیــاواز جــێ بەجــێ دەکرێــت، وەک پەنــابردنەبەر (وشــەو وێــنەو چاپکراوەکان کە لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵدا دەگونجێت بەبێ دەنگی و لەسەرخۆ دەخرێنە ناخ و دەرونی



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

گەلەوەو دواجار ڕۆڵیان دەبێت لەگۆڕینی بیروبۆچوون و ئاراستەی ئەو تاک و کۆمەڵەی جێگەی مەبەستە) (نوفل، 1989: 82).

**2- خوڵقاندنی تەنگژە**: یەکێکە لەکۆڵەکەکانی شەڕی دەرونی و ڕۆڵی سەرەکی لەخولقاندنی ئاژاوەو پشێوی نانەوەو هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵ دەگێڕێت لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەو رستەو دەستەواژەی جۆراوجۆرەوە کە ڕاستیەکان دەشێوێنێت، تادەگاتە ئەو ئاستەی لایەنی بەرامبەر قبوڵی ئەو دەستەواژە ناڕاستانە دەکات، کە کاریگەرییان لەسەر کۆی کۆمەڵگەدەبێت و بەرەو ئاقارێکی دەرونی خراپیان دەبات، هەربۆیە (ئەلبۆرت بۆستمان) بەم شێوەیە باسی خولقاندنی تەنگژە دەکات کە (زاراوەیەکە دەربارەی بۆچونێک یان بابەتێکی دیاریکراو دەدرکێنرێت تا هەر کەسێک کە گوێبیستی دەبێت باوەڕی پێدەکات، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لەڕێگەی وشەی دەربڕاودا دەگوێزرێتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بەبەڵگەهێنانەوە هەبێت) (النجار، 2005: 166). ئەم ئامرازە تەنها لەلایەنی دوژمنی دەرەکی بەکارناهێنرێت، بەڵکو کارەکتەری ناوخۆیی ڕۆڵەکە دەگێڕێت و دەبێتە جێنشینی لایەنی دەرەکی، بەبێ ئەوەی تاکی هەڵخەڵەتێنراو دەرفەتی بەدواداچوونی ڕاستیەکانی بۆ بهێڵرێتەوە، چونکە شێوەی بڵاوبونەوەی هێندە خێرایە ناتوانرێت بەری پێ بگیرێت تادەگاتە مەبەستەکەی و پاشان وردە وردە بەرەو کاڵبونەوەو نەمان دەچێت.

**3- شتنەوەی مێشک**: یەکێکی ترە لەچەکە بەهێزەکانی شەڕی دەرونیی، کە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو تاک دادەماڵرێت لەسەرجەم بیروبۆچوونەکانی پێشتری و پرۆگرامکردنی بەویست و ئارەزوی کارلێکەرش، شتنەوەی مێشک گۆڕینی ئایدۆلۆژیای تاکە، بەهۆی فشاری لایەنی فەسلەجی و دەرونیەوە بێت، یاخود بەشێوازێکی نەرمونیان بێت.

بێگومان زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لەشتنەوەی مێشکدا دەگێڕێت، کە لەڕێگەی وشەو رستەوە مێشکی تاک بەبیروبۆچوونی مەبەستدار دەشۆرێتەوە.

### تەوەری دووەم: کاریگەری وشە لەشەڕی دەرونیدا

مرۆڤ هەر لەکۆنەوە شێوازو ڕێگای هەمەجۆری گرتۆتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی عەقڵ و بیرو هەستی بەرامبەرەکەی لەپێناو پرۆگرامکردنی بەو شێوەیەی خۆی مەبەستێتی. شەڕی دەرونیی هەوڵدەدات، کاربکاتە سەر مێشکی بەرامبەرو داگیری بکات، جا ئەوە بەرامبەر تاک، یان کۆ بێت، دۆست یان دوژمن بێت، بگرە ئەگەر بێ لایەنیش بێت. ئەم شەڕە لایەنی بیرو دەرونی بەرامبەر لاواز دەکات، تا ئەو ئاستەی بەرامبەر بەهیچ جۆرێک توانای بەرگریکردنی نامێنێت و لەڕوانگەی بیرو دەرونییەوە خۆی بەدەستەوە دەدات، هەر لێرەوە گرنگی و ترسناکی شەڕی دەرونیمان بۆ ڕووندەبێتەوە. شەڕی دەرونیی سەرەتا بۆ مەبەستی سیاسی بەکاردەهات، بەڵام لەڕاستیدا ئەم شەڕە بۆ زۆر شت بەکاردەهێنرێت، کە هەر بوارەو تایبەتمەندیی و مەبەستی جیاجیا لەخۆدەگرێت.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ئەو چەکانەی کە مرۆڤ لەکاتی شەڕی دەروونیدا بەکاریدەهێنێت بریتیە لە: "وشە، بیروباوەڕ، پڕوپاگەندە، ئیشاعە (بڵاوکراوە)، فرت و فێڵ، ترساندنی گشتی، دروستکردنی تەنگ و چەڵەمە، لاوازکردنی ورە" (زهران، 1979: 459)

وشە ڕۆڵێکی کاریگەری لەشەڕی دەرونیدا هەیە، کە تەنها یەک وشە دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی نائارامی و بێ هیوای لەدەرونی بەرامبەردا، بۆ نمونە ئاشکرایە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا چەندین نازناوی جۆراوجۆرمان تایبەت بەناوی مرۆڤەکان هەیە، جا ئەگەر ئەرێنی یاخود نەرێنی بێت، ئەو جۆرەیان کە نەرێنیە دەبێتە مایەی نیگەرانی و تورەیی خاوەنەکەی، کە هەندێ جار مەبەست لێی شەڕی دەرونی و هەندێ جاریش گاڵتەپێکردنە، بۆ نمونە: ئەو نازناوانەی بەناوی دایکەوەیە، یاخود دانەپاڵی سیفەتێکی خراپ و نەشیاو بۆ خاوەنەکەی. لێرەدا بەپێویستی دەزانین نوکتەیەک لەمبارەیەوە بگێڕینەوە بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە: دەگێڕنەوە کابرایەک نازناوەکەی، یاخود پاشگری ناوەکەی (یاپراخ)ە، واتە (.... ی یاپراخ)، ئەم پیاوە زۆر دڵگران و تورەدەبێت بەوتنی وشەی (یاپراخ)، دیارە کە ئەو پیاوە بارودۆخێکی تایبەتی لەگەڵ ئەو وشەیەدا هەیە، ڕۆژێک دەچێتە چایخانە، کە چەند برادەرێکی خۆی لێیە، یەکێکیان دەڵێ (سلق)، یەکێکی تریان دەڵێ (باینجان)، یەکێکی تریان دەڵێ (کولەکە)، بەمشێوەیە بەردەوام دەبن، تاوەکو کابراکە تورەدەبێت و جنێوێکی ناشرین دەدات و دەڵێ: پیاوم دەوێت بیپێچێتەوە.

## وشە لەشەڕی دەرونیدا بەدوو جۆر واتا بەکاردەهێنرێت:

**یەکەم: واتای ئاشکرا دەربڕاو:** "ئەو واتا سیمانتیکیانە دەگرێتەوە کە سەرزاری دەربڕاون کە واتا فەرهەنگی و ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە" (دزەیی، 2011: 34). مەبەستمان لەواتای فەرهەنگیش "ئەو واتا بنچینەیەیە، کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوەو لەسەری ڕێکەوتووە. وەسفی بارودۆخ و شت دەکات و بەشێک لەواتای ڕستەی لێ پێکدێت، کە بریتیە لە(واتای وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی) واتایەکی نەگۆڕو بڵاوە. واتای فەرهەنگی وشە بریتیە لەواتای هۆشەکی وشەکەو ئەو واتایەی کە لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکات" (دزەیی، 2011: 39).

دەتوانرێت ئەمجۆرە واتایانە بەدوو شێوە شەڕی دەرونییان پێ ئەنجام بدرێت:

1. هەندێ جار وشەکان بەشێوەی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) بەرامبەر بەکەسێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی لاوازکردن و ڕوخاندنی ناخ و دەرونی کەسێکی تر، یاخود بەمەبەستی دروستکردنی ڕق و ئیرەیی لەدڵی مرۆڤەکاندا، بۆ نمونە: وشەی (زیرەک).

_ بەڕاستی ئازاد تۆ کەسێکی لێهاتوو و زیرەکیت.

وشەی (زیرەک) لەم ڕستەیە دا وەک ئامڕازێک بەکارهاتووە بۆ لێدان و شکاندنی شکۆی کەسێکی تر.

2. لەشەڕی دەرونیدا زۆربەی جار وشەکان بەشێوەی نەرێنی (نێگەتیڤ) و ڕاستەوخۆ بۆ شکاندنی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت ئەو وشانەی واتای نەرێنی لەخۆیدا هەڵگرتوە، بۆنمونە: وشەی **(ناشرین ، قەڵەو ، تەمەڵ ، سیس ، باڵا کورت، شەل ، کوێر ، نەفام ، خێل، نەخوێندەوار، نەزان ، گێل ، گێژ... هتد)**



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**دووەم: واتــای شــاراوە:** "ئەو واتا شاراوەیە دەگرێتەوە کە لەپاڵ گوتنەکەدا دەکرێت و مەبەست بەشاراوەیی و ناڕاستەوخۆ دەخرێتەڕوو، ئەم جۆرە واتایە لەواتای وشەکان دەردەچێت و دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگی تیادا دەگێڕێت" (دزەیی، 2011، ل 36). ئەمجۆرە واتایە واتای مەبەستیش دەگەیەنێت "واتای مەبەست لەدەوروبەر وەردەگیرێت کە واتاکەی لەدەرەوەی واتای وشەو ڕستەکانەو باس لەزۆرشت دەکرێت، بەڵام بەڕاستەوخۆیی دەرنابڕدرێت...بەمەش دەبێتە (واتای هۆشەکی + واتایەکی زیادە کە کەسی لێکدەرەوە دەیخاتەسەری) بۆ لێکدانەوەی ئەمەش دەبێت ڕوو لەبواری پراگماتیک بکەین"(دزەیی، 2011، ل 40). ئەمجۆرەش بەدوو شێوە بەکاردەهێنرێت:

**1- واتــای ئەرێنــی:** هەندێ جار ئەو وشانەی واتای نەرێنی (نێگەتیڤ) دەگەیەنن، بەواتا پێچەوانەکەی بەکاردەهێنرێت، بەمەبەستی ئەرێنی بەکاردەهێنرێن بۆ دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی و نازکێشانی بەرامبەر، بۆنمونە: کاتێک بەکەسێک دەڵێی (ناشرین) مەبەستت واتا پێچەوانەکەیەتی کە (جوان)ە.

**2- واتای نەرێنی:** لێرەدا ئەو وشانەی هەڵگری سیمای ئەرێنی (پۆزەتیڤ)ن بەشێوەی پێچەوانە بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی (تانەو توانج)، بۆنمونە کاتێک بەکەسێک دەڵێی (ژیر) مەبەستت واتا پێچەوانەکەیەتی، کە گێل و نەزانە.

هەر لەواتای پراگماتیکیدا جۆرێکی وشەمان هەیە دەچێتە چوارچێوەی جۆرێکی پراگماتیکەوە کە پێی دەوترێت (پراگماتیکی فەرهەنگی) بریتیەلەوەی کە تەنها یەک وشەی فەرهەنگی واتای پراگماتیکی لەخۆیدا هەڵگرتووە. ئەمجۆرە وشانە چەکێکی زۆر بەهێزن لەشەڕی دەرونیدا بەکاردەهێنرێن و پڕاوپڕ واتاکەی دەگەیەنێت، و لەهەمانکاتدا ئابوریکردنیشە لەزماندا، بۆنمونە:

1.- **وشەی (پاشەکەوت):** واتای سیمانتیکی ئەم وشەیە بریتیە لە(هەڵگرتنی پارە). پاشەکەوت لەبواری ئابوریدا بەپێویستیەک دەزانرێت و لەبەرژەوەندی خاوەن پارەکەیە، بەڵام لەبواری سیاسەتی چەند ساڵەی ڕابردوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تائێستاش مانا ئەرێنیەکەی لەدەستداوەو بووەتە دێوەزمەیەک و بەرۆکی چینی فەرمانبەرانی گرتوە، تاوای لێهاتوە ببێتە خەسڵەتێکی نەرێنی. حکومەتی هەرێمیش سەرچاوەی سەرەکی ئەم واتایەیە، کە خراوەتە ناو فەرهەنگی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوەو لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا جێگای خۆی کردوەتەوە، جگە لەبواری ماددیش، کە ئێستا هەر شتێک لەکاتی خۆیدا نەدرێت، ئەوە مرۆڤەکان دەڵێن بۆمان پاشەکەوت دەکەن، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی پراگماتیکی فەرهەنگییەوە.

2.- **وشەی (نیو موچە)، یان (چارەکە موچە):** ئەم وشەیە واتا سیمانیکیەکەی ئاشکرایە، بەڵام واتا پراگماتیکیەکەی کە دەچێتە چوارچێوەی پراگماتیکی فەرهەنگیەوە ئەوەیە کە ئەم دوو وشەیە بوون بەدوو ئامرازی



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

سەرەکی بۆ دژایەتیکردن و هەڵگیرساندنی جەنگی دەرونی بەرامبەر بەچینی موچەخۆر، ئەمەش بووەتە هۆی گاڵتەپێکردن و سوکایەتی پێکردنی چینی موچەخۆران لەلایەن بازرگان و نەخوێندەوارو خاوەنی کاری سەربەخۆوە.

3.- **وشەی (بن دیوار):** ئەم وشەیە واتا پراگماتیکیەی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خاوەنی دوو یان سێ موچەن لەیەککاتدا، بەبێ ئەوەی ئەرکی فەرمی خۆیان بەجێ بگەیەنن لەدەوامکردندا، هەروەها هەندێکیان خاوەنی بڕوانامەی پێویستیش نین، هەربۆیە ئەم وشەیە (بن دیوار) وەک چەکێکی دەرونی بەکاردەهێنرا لەلایەن کەسێکەوە کە فەرمانبەری ڕاستەقینەی حکومەتە بەرامبەر کەسێکی بن دیوار، یاخود لەلایەن خەڵکەوە بەرامبەر لایەنە سیاسیەکان بەکاردەهێنرا.

4.- **وشەی (موشتاق):** واتای پراگماتیکی فەرهەنگی ئەم وشەیە ئەوەیە کە یەکێک لەمەلا بەناوبانگەکانی کوردستان پەیوەندیەکی سۆزداری لەگەڵ خوێندکارێکی خێزانداردا هەبوو، کە لەڕێگەی پێگە ئەلکترۆنیەکانەوە بەشێکی کاسێتە دەنگیەکانی بڵاوبویەوە، کە مەلاکە بەخوێندکارەکەی دەڵێ: (موشتاقم...)، دواجار ئەم وشەیە وەک شەڕی دەرونیی لەلایەن خەڵکەوە بەرامبەر مەلاکە بەکاردەهێنراو واتایەکی پراگماتیکی لەخۆگرت.

کاریگەری وشەو ڕستە لەشەڕی دەرونیدا لەکاریگەری هێزی بازوو هێزی سەربازی کەمتر نییە، چونکە وشەو ڕستەی کاریگەر لەهزرێکی تۆکمەو بیرێکی قوڵەوە هەڵدەقوڵێت، وەک کورد دەڵێت: (برینی خەنجەر سارێژ دەبێت، بەڵام برینی زمان سارێژ نابێت). ئەم سیفەتەش لەهەموو کەسێکدا بەدی ناکرێت، بەڵکو لەکەسانێکی دیاریکراودا هەیە، کە لەکاتی ڕووبەڕوبونەوەدا وشەی بەهێزو کاریگەر بەکاردەهێنن بۆ لاوازکردنی بەرامبەرەکانیان، تەنانەت کاریگەری زمان فەرماندەی سەربازی فەرەنسا (ناپلیۆن پۆناپەرت)ی هێناوەتە لەرزین کاتێک دەڵێ: (قەڵەم لەدەنگی تۆپ هاوێژەکان زیاتر دەمترسێنێت). (من اقوال نابليون: www. Mawdoo3.com)

(وشە هێڵی گەیەنەرە لەنێوان دەرونی مرۆڤ و لایەنەکانی تری، وشەش لەشەڕی دەرونیدا هەموو ئەو وشانەن کاردەکەنەسەر هەستەوەرەکان کە مێشک دەیگۆڕێتە شێوەی دیمەنی بەماناو دەبێتە هۆی کردەوەی ئاشکرا) (شریف، 1984: 21). وشە لەشەڕی دەرونیدا دابەشدەکرێتەسەر چەند جۆرێک کەبریتین لە: (تەنها پۆلێنکردنەکە وەرگیراوە لە: شریف، 1984: 21).

**1- وشەی ئاخاوتن:** شەڕی دەرونی لەڕێگەی تاکە وشەیەکەوە دەکرێت، کە بەهۆی زمانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕدرێت. ئەمجۆرە ئاشکرایەو پێشتر لەسەری دواوین.

**2- وشەی نوسراو:** لێرەدا وشەی نوسراو وەک شەڕی دەرونی بەکاردەهێنرێت، ئیتر وشە نوسراوەکە لەڕێگەی هەریەکە لەکاغەزو نامەو پێگەی ئەلکترۆنی و دیوارو دەرگاوەبێت، بۆنمونە: لەئەوروپا بە(دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ناوەڕاست) دەڵێن: (سەرڕەش)، کە ئەم وشەیە وەک چەکێکی دەرونی بەرامبەر دانیشتوانەکەی بەکاردەهێنن، کەهەندێ جار لەسەر دەرگای (W.C) دەنوسن: (سەرڕەش).

**3- وشەی ڕەسمکراو، ڕەسمی ڕەمزی یان ئاسایی، یان کاریکاتێر**: لێرەدا وشەکە بەشێوەی کاریکاتێر مەبەستی خۆی دەپێکێت.




**4- وشەی جوڵاو:** ئەو جوڵانەی کە واتا بەخشن، بۆ نمونە توڕەبوون یان ترساندن و هەڕەشەکردن. ئەمجۆرە زمانی جەستەشی لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت، ئەم وشانە زۆر کاریگەرو بەهێزن بەهۆی بەکارهێنانی جوڵە جەستەیەکانەوە، بۆ نمونە: کاتێک کەسێک لەکەسێک توڕەدەبێت و جنێوی پێ دەدات، وەک: (هیچ و پوچ) لەگەڵیشیدا دەست و پەنجە دەجوڵێنێت.

**5- وشەی قەوارەدار (کاریگەر – وروژێنەر):** "ئەو وشانەی لەتەنیکی تایبەتەوە دەردەچن چ وەک وشە، کە ئەرکەکانی وشە دەبینن، ئەمەش ترسناکترین چەکی شەڕی دەرونییە، چونکە کاری ماددییە بۆ جێبەجێکردنی بۆ مەبەستی کتوپڕی و پەیداکردنی پەرچەکردار وەک سەیارەو تۆپ و تەیارەو گوللە...هتد. پارەو پولێکی زۆر خەرج دەکرێ بۆ ئامادەکردنی بارێکی گونجاو لەم بوارانەدا تا بتوانرێت وشە ڕۆڵی خۆی ببینێ وەکو پێویست" (شەریف، 1984: 21). وشەی قەوارەدار ئەوجۆرە وشانە لەخۆدەگرێت کە هەر لەگەڵ درکاندنیان ڕاستەوخۆ دەچنە بواری کردارو جێبەجێکردنەوە.

بۆ نمونە: لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (1991)دا وشەی نهێنی نێوان ڕێکخستنەکانی ناو شارو سەرکردایەتی وشەی (زەماوەند)بوو، کە بەهۆی ئەم وشەیەوە شەڕ هەڵەدەگیرسا لەنێوان ڕێکخراوەکانی ناوشارو حیزبی بەعسدا لەدەروازەی ڕاپەڕین لەڕانیە. لێرەدا وشەی (زەماوەند) ڕاستەوخۆ بەکردار جەنگی بەدوای خۆیدا دەهێنا.

شەڕی دەرونی لەبواری زماندا تەنها لەڕێگەی وشەو ڕستەوە مەبەستەکەی ناپێکێت، بەڵکو (پەرە زمانیەکان)یش ڕۆڵێکی گرنگ لەم شەڕەدا دەگێڕێت، کەبریتین لە (تۆن و گۆڕینی پلەی دەنگ و خێرایی قسەکردن و بەردەوامی و دەستگرتن بەسەر چۆنیەتی دەنگدا (دروستکردنی نووڕەو هاڕەی هووشەو منگنی... هتد) و زمانی جەستە (فەتاح،



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

1990: 20 – 21)، بەڵام لەم تـوێژینەوەیەدا تەنهـا تیشـکمان خستۆتەسـەر بەکارهێنـانی وشـەو ڕسـتە لەشـەڕی دەروونیدا.

## تەوەری سێیەم: کاریگەری ڕستە لەشەڕی دەرونیدا

ڕستە گەورەترین دانەی واتاداری زمانە، یەکێکە لەچەکە هەرە بەهێزەکانی شـەڕی دەرونی، چونکە ڕستە ئەو کەرەستەیەیە کە دەتوانێت پڕاوپڕی پەیامی نێرەر لەخۆبگرێت و بیگوێزێتەوە بۆ وەرگر، چ بەشـێوەی ئاشکرا یان شاراوەبێت، ئەرێنی یاخود نەرێنی بێت.

### 1- جۆرەکانی واتا لەشەڕی دەرونیدا:

بەشێوەیەکی گشتی لەشەڕی دەرونیدا دوو چەشنە پۆلێنمان بۆ واتا کردووە:

**1- واتای ئاشکرا:** مەبەستمان واتای سیمانتیکییە، کە بەشـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا پەیامەکە دەگەیەنێت بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک، واتە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ واتای ڕستەکە لەواتای فەرهەنگی وشەکانەوە وەرگیراوە.

بۆ نمونە: یەکێک لەمەلاکانی کوردستان لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئافرەتی بە دایناسـۆر چواندو وتی : "ژن دایناسـۆرە"، لێرەدا قسـەکەر بەشـێوەیەکی ئاشـکراو ڕاسـتەوخۆ پەیـامەکەی گەیانـدووە، دەربڕینـی ئەم ڕسـتەیە بووە هۆی دروستکردنی شەڕی دەرونی لەلایەن گشت ئافرەتانی کوردستانەوە.

– نمـونەیەکی تـری زینـدوی ئەمڕۆمـان ئەوەبـوو کە بەشـە ناوخۆییەکـانی کچـانی یەکێـک لەزانکۆکـانی هـەرێمی کوردسـتان گردبوونەوەیـان ئەنجامـدا بەرامـبەر بەبـوونی کەموکـوڕی و نەبـوونی پێداویسـتی تـایبەت، لەبەرامـبەردا لێپرسـراوی بەشـە ناوخۆییەکـان ئامـاژەی بەوەکـرد کە: بەشـەناوخۆییەکانی کچـانی زانکـۆی (......) هـیچ گرفـت و کەموکورییەکیـان نیـیە. ئەم ڕسـتەیە بـوو بەهـۆی دروسـتبوونی جەنگێکـی دەرونـی لەلایەن خوێنـدکارانی بەشـە ناوخۆییەکانەوە.

**2- واتـای نائاشکرا (شـاراوە):** مەبەسـتمان واتـای پراگمـاتیکییە، کە هەڵگری واتـایەکی ناڕاسـتەوخۆیە، چـونکە لەڕێگەی واتای فەرهەنگی وشـەکانەوە واتاکەمـان دەسـت ناکەوێت، ئاشـکرایە پراگماتیـک دیـوی دووەمـی واتـا لەخـۆ دەگرێت.

بۆ نمونە: کاتێک جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد کە گەنجەکان ئاسـاییە ئەگەر وەک کارگوزارێک لەکافتریا یـان چێشـتخانە کاربکەن. ئەم دەربڕینە هەڵایەکی گەورەی لێکەوتەوەو چەندین قسـەی بەدوای خۆیـدا هێنـاو بـووە هـۆی بەرپـاکردنی جەنگـی دەرونـی بەرامـبەر گەنجەکـان، چـونکە گەنجەکـان خـاوەن



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

بڕوانامەن و چاوەڕێی دامەزراندن دەکەن لەلایەن حکومەتەوە، لێرەدا بەپێی لێکدانەوەی گەنجەکان جێگری سەرۆکی حکومەت بەشێوەیەکی نائاشکراو شاراوە ئاماژەی بەوەکرد کە چاوەڕێی دامەزراندن نەکەن.

## 2- جۆرەکانی ڕستە لەشەڕی دەروونیدا

هەریەک لەو ڕستانەی لەشەڕی دەرونیدا بەکاردەهێنرێن بەپێی کات و شوێنی گونجاوی خۆیان بەکاردەهێنرێن و ئامانجی تایبەتی خۆیان دەپێکن. جۆرەکانی ڕستە لەڕووی ناوەڕۆکەوە لەشەڕی دەرونیدا بەپێی مەبەستی ڕستەکان دابەشدەکەین بۆ چەند جۆرێک: (تەنها پۆلێنەکەمان وەرگرتووە لە: حسن، 2014: 66 – 75).

**1- ڕستەی جنێو:** جنێو یەکێکە لەو ڕستانەی کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەریەکی بەهێزو قووڵ لەناخی مرۆڤدا جێدەهێڵێت. جنێو بەجۆرێک لەوروژاندن هەژماردەکرێت، کە دواجار بەرامبەرەکە کاردانەوەی دەبێت، جا ئایا کاردانەوەکە لەڕێگەی دەربڕینەوە یان شەڕ یان پلانەوە دەبێت. ڕستەی جنێو لەم شەڕەدا وەک تیرێک وایە کە ڕاستەوخۆ مەبەستەکەی دەپێکێت. بێگومان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەم بوارەدا. بۆنمونە:

1.- لەسنوری یەکێک لەشارەکانی کوردستاندا ململانێیەکی زۆر هەبوو لەسەر پۆستی پارێزگار لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا، ئۆپۆزسیۆن کاندیدێکی دیاریکراوی هەبوو بۆ ئەم پۆستە (......)، دەسەڵاتیش بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوون لەڕێگەی جنێوو توانج و هەڕەشەوە ئۆپۆزسیۆن بکشێنەوە لەکاندیدکردنی (.....)، ئەمەش بەمەبەستی بەرپاکردنی جەنگی دەرونی بەرامبەر کاندیدەکەو لایەنگرانی ئەو لایەنە بەمەبەستی شکاندن و دۆڕاندن و کەمبوونەوەی جەماوەرەکەیان ئەمە یەکێک بوو لەو دەربڕاوانەی بەکاریان دەهێنا:

ناکرێت بەعسیەکی هەڵەوەڕ ببێتە پارێزگار.

2.- کاتێک (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) جنێو بەسەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی تورکیا دەدات و پێی دەڵێ:

- تۆ ئەدەب سزی.

**2- ڕستەی تاوانبارکردن:** تاوانبارکردن لەنێوان دوو کەس یان دوو لایەنی دژ بەیەک ئەنجام دەدرێت. هەندێ کات پەنادەبرێتەبەر ئەم شێوازە بەمەبەستی زاڵبوون و ڕوخاندنی دەرونی بەرامبەر، جا ئایا تاوانبارکردنەکە ڕاستە یاخود هەڵبەستراوە، بەڵام ئەگەر هەڵبەستراو بوو زۆر بەهێزترو کاریگەرتردەبێت. بێگومان هەردوو لایەنەکە هەوڵی زاڵکردنی بیروبۆچوونی خۆیان دەدەن، ئەگەر تاوانبارکردنەکە بەڵگەی پێویستی لەگەڵدابوو، ئەوە نیشانەی خێرا بەزوترین کات و زۆرترین دەستکەوت دەپێکێت. لەبواری سیاسەتدا یەکێک لەڕێگا هەرە باوەکان کە پەنادەبرێتەبەری بریتیە لەتاوانبارکردن.

هەندێ کات شەڕی دەرونی بەشێوەی سودبەخش بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ورەو بەدەستهێنانی سەرکەوتن، بۆنمونە: (پێغەمبەر محەممەد (د.خ) لەکاتی هێرشکردنەسەر بێ باوەڕان شەڕی دەرونی



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

بەکارهێناوە، لەئەنجامدا لەنۆزدە شەڕ بەبێ خوێن ڕشتن سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەربۆیە پێغەمبەر محەممەد (د.خ) پێی وابوو کە شەڕکردن بەزمان وەکو شەڕکردن وایە بەڕۆح و جەستە و سەروەت و سامان، هەربۆیە بە(حەسسان کوڕی سابت) کە شاعیرێکی سەردەمی ئیسلامیە دەڵێ: ئەی (حەسسان) هەجوی بێ باوەڕان بکە، چونکە (جبریل)ی فریشتە پشتیوانتە، ئەگەر هاوەڵەکانم بەچەک دەجەنگن، تۆ بەزمان بجەنگە.( البخاري: (6153\3213). مسلم: (2486 ) كتاب فضائل الصحابة من حديث البراء بن عازب).

**3- ڕستەی هەڕەشە:** هەڕەشە جۆرێکی تری ڕستەیە لەشەڕی دەرونیدا بەکاردەهێنرێت، لەنێوان دوولایەندا ڕوودەدات، کاتێک لایەنێک هەڕەشە ئاڕاستەی لایەنێکی تر دەکات بۆ سەپاندنی هێزو توانای خۆیی و هەروەها ترساندن و تۆقاندنی بەمەبەستی ملکەچبوونی بەرامبەر بەداواکارییەکان. هەڕەشە پێکهاتوە لەدووجۆر، جۆرێکیان تەنها دەربڕینێکە مرۆڤ لەکاتی توڕەییدا دەریدەبڕێت بێ ئەوەی ئەنجامی بدات، جۆرەکەی تریان زۆر مەترسیدارە، چونکە قسەکەر ئەگەر کەسێک یان لایەنێک یان پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی یان دەوڵەتێک بێت، ئەوکاتە تەنها دەربڕینێک نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی لەگەڵدادەبێت. بۆنمونە:

1.-"کاتێک دەسەڵات دژی ئۆپۆزسیۆن ئەم ڕستەیە بەکاردەهێنێت و دەڵێ: ئارامی شاری (.....) پەیوەستە بەمانەوەی پۆستی پارێزگار لەدەستی (.....) " (حسن، 2014: 68).

2.- کاتێک سەرۆک کۆماری تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) هەڕەشە لە (سەلاحەدین دەمیرتاش) سەرۆکی حیزبێکی کوردییە لەتورکیا دەکات و دەڵێ: باجی زماندرێژیت وەردەگریتەوە. کە ئەنجامی ئەو هەرەشەیەش ئەوەبوو تا هەنوکە دەمیرتاش لە زینداندایە.

**4- ڕستەی ناپاکی دانەپاڵ**: لێرەدا دوو لایەنی دژ بەیەک تۆمەت بۆ یەکتری هەڵدەبەستن بەمەبەستی ڕوخاندن و نەهێشتنی نرخ و بەهای یەکتر. ناپاکی بریتیە لەخیانەت، ئیتر ئەگەر خیانەتەکە لەسەر ئاستی تاکەکەسی یان گشتی بێت، هۆکارەکەشی بۆ چەواشەکردنی لایەنگرانی یەکتر دەگەڕێتەوە، بۆنمونە:

دوولایەنی سیاسی لەکوردستان لەکاتی ناکۆکی و گرفتدا هەوڵی ئەوەیاندەدا ناپاکی بدەنە پاڵ یەکتر، کەئەمەش جەنگێکی دەرونی سەختی بەرپادەکرد لەلایەن لایەنگرەکانیانەوە، وەک:

.............. پیاوی ئێرانە.

............. پیاوی تورکیایە.

**5- ڕستەی نوکتەیی:** ڕستەی نوکتەیی شێوازێکی تری ڕستەیە کە لەشەڕی دەرونییدا بەکاردەهێنرێت، ئەم شێوازە جیاوازە لەجۆرەکانی تر، لەبەرئەوەی شێوازێکی گێڕانەوەی گاڵتەئامێز لەخۆدەگرێت، کە ئامادەبوان دەخاتە



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

بارێکی پێکەنین و کەشێکی کەیف و خۆشیەوە، بێگومان ئەمەش لەڕێگای گاڵتەکردن و سوکایەتیکردن بەو کەسە یان ئەو لایەنە. ئەگەر شێوازەکانی تری ڕستە یەکجار کاریگەربێت، ئەوە ئەم شێوازە دووجار کاریگەرو ڕوخێنەرە بۆ لایەنی مەبەست، چونکە هەم بەشێوەی گاڵتەئامێزەو هەم بەشێوەی سوکایەتی پێکردنە، کە ئەمەش کەمکردنەوەیە لەشکۆو مەزنی مرۆڤەکە، یاخود لایەنەکە، بۆنمونە:

1.- کاتێک لایەنگرانی چەند پارتێکی دیاریکراو ناڕازی بوون بەئەنجامی هەڵبژاردنەکان، هەربۆیە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزانە ئاماژەیان بەوە دەکرد ئەگەر (........) لەگەڵ چیندا هەڵبژاردن بکات، هەر (.....) دەیباتەوە. لێرەدا ئەم نمونەیە شێوەیەکی نوکتەو گاڵتەئامێزانەی لەخۆدەگرت بەرامبەر بەلایەنێکی دیاریکراو، بەڵام ئەو پارتە سیاسیەش لەلایەن یەکێک لەدەسەڵاتدارەکانیانەوە وەڵامیاندایەوەو وتیان: خەڵک بەئێمە دەڵێن ئەگەر لەگەڵ چینیشدا هەڵبژاردن بکەین هەر ئێمە دەیبەینەوە، وتی: ئەم وتەیە ڕاستە، چونکە ئێمە هەمیشە پلەیەک و براوەین لەکوردستاندا.

2.- نمونەیەکی تر لەمبارەیەوە کە لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوبویەوە، هەوڵدرا لەڕێگەی ڕستەی نوکتەئامێزەوە هەم ڕەخنە لەحکومەت و هەم گاڵتەو سوکایەتی بەشاجوانێکی شارێکی کوردستان بکرێت لەلایەن خەڵکەوە بەوتنی ئەم ڕستەیە: ئەوەی بۆ (.......)کراوە ئەگەر بۆ قەڵای هەولێر بکرایە ئێستا دەبوو بەبورجی ئیڤڵ.

**6- ڕستەی کاریکاتێری:** ئەمجۆرە ڕستەیە پەیامەکەی لەڕێگەی کاریکاتێرەوە دەگەیەنێت، واتە پەنادەباتەبەر وێنەو نوسینیش لەیەک کاتدا، کەواتە ئەمجۆرە ڕستەیە کارلێکردنی زیاترەو دووجار جەختکردنەوەیە لەتیشک خستنەسەر بابەتەکەو هەڵگیرساندنی شەڕی سارد، لەهەمانکاتدا لەڕێگەی وێنەوە دەتوانرێت ڕوخسارو دیوی دەرەوەی مرۆڤەکان بشێوێنرێت و ناشرین بکرێت، بۆنمونە:

1.- لێرەدا دایکەکە پرسیارێک لە منداڵەکەی دەکات، کە چاوەڕێی وەڵامێکی دیاریکراوە، بەڵام لەئەنجامدا منداڵەکە وەڵامێکی جیاوازی دایکی دەداتەوە، کە وەڵامەکە دەبێتە گەورەترین شەڕی دەرونیی بەرامبەر دایکی.





DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

2. لەم کاریکاتێرەدا ئەو پرسیارەی ئاڕاستەی دەسەڵات دەکرێت، وەڵامەکەی شەڕێکی دەرونی بەهێزە بەرامبەر بەمیللەت، کە ئەمە نیشانەیە بۆ گوێنەدان بە بارودۆخی میللەت.




**7- ڕستەی توانج لێدان:** شێوازەکانی شەڕی دەرونی بەدەر نییە لەڕستەی توانج، توانج کات و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، کە هەندێ کات ڕاستەوخۆ توانج لەبەرامبەر دەدرێت، هەندێ کاتی تر بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی شاراوەو ناڕاستەوخۆ لەنێوان دەربڕینەکاندا پەنادەبرێتەبەر توانج. بێگومان لەشەڕی دەرونیدا توانج بەمەبەستی نەرێنی بۆ لاوازکردنی ورەو تێکشکاندنی یەکتر بەکاردەهێنرێت، ئەگینا ئەگەر قسەکەر مەبەستێکی ئەرێنی و باشی هەبێت ئەوە پێویست بەتوانج ناکات، بەڵکو لەڕێگەی ئامۆژگاریکردنەوە کەسەکە ئاگاداردەکاتەوە، بۆنمونە:

1.- لەکوردستان لەکاتی هەڵبژاردندا خەڵک هەندێ لایەنی سیاسی بەوە تاوانباردەکات، کە مردوەکانیش بۆ دەنگدان و زیادکردنی ڕێژەی دەنگدەرانی تایبەت بەو لایەنانە بەکاردەهێنرێن، هەربۆیە خەڵک دەڵێت:

- مردوەکانیش لەکاتی دەنگداندا زیندو دەبنەوە.

2.- لەیەکێک لەبەرنامەکانی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستان، پێشکەشکارەکە پرسیارێک ئاڕاستەی گۆرانیبێژەکە دەکات و دەڵێ: حەزت دەکرد باڵات لەوە بەرزتربێت؟

لێرەدا ڕستەکە بەشێوەی پرسیارکردن کراوە، بەڵام بینەران بەو شێوەیە لێکدانەوەیان بۆ کرد، کە ئەمە پرسیارکردن نییە، بەڵکو بۆ توانج لێدانە لەباڵای هونەرمەندەکە.

3.- لەیەکێک لەڕیکلامەکاندا کە بۆ هێڵێکی نێت دەکرا، کە بریتی بوو لە: (ئێوە لەکاتی هینەکەدا نەتان بینیوم، لێرەدا مەبەستی هێڵە بێ سنورەکەبوو)، هەریەک لەدانیشتوانی دوو شاری جیاوازی کوردستان ئەم ڕیکلامەیان بەمەبەستی جیاواز دژی یەکتر بەکارهێناو توانجیان لەیەکتردەداو بەشێوازێکی تازە دایان ڕشتەوە:

– هەر دەڵێن (.....) ئارامە، ئێوە لەکاتی سەرچۆپیدا نەتانبینیون.

– هەر دەڵێن کچی (.......) جوانە، ئێوە لەکاتی دەموچاوشتندا نەتانبینیون.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

4.- میللەت توانجی ئەوەی لەلایەنێکی ئۆپۆزسیۆن دەگرت، کەیەکێک لەبەرنامەکانیان ئەوەبوو موچە بۆ کابانی ماڵ ببڕنەوە، بەڵام بوونە هۆی بڕینی موچەی موچەخۆرانیش.

**8- ڕستەی سوکایەتی پێکردن:** سوکایەتی و گاڵتەپێکردن کەرەستەیەکی دیاری شەڕی دەرونیە، لەڕێگەی گاڵتەپێکردنەوە دەتوانرێت نیشانەی مەبەست بپێکرێت. دەبێت قسەکەر خاوەنی تواناو دەسەڵاتێک بێت، تاوەکو بتوانێت سوکایەتی بەبەرامبەر بکات، بۆنمونە:

1.- بەهۆی بوونی کێشەو گرفت لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا، جارێک لەجارەکان ئۆپۆزسیۆن سوکایەتی بەدەسەڵات کرد، لەهەمانکاتدا توانجیشی لێدان و وتی: حکومەت بەنەخوێندەوار بەڕێوەناچێت.

2.- نمونەیەکی تری سیاسی لەمبارەیەوە ئەوەیە کەئەندامی پارتێکی سیاسی دیاریکراو (.....) لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە سوکایەتی بەئەندامێکی تری هەمان پارتی خۆی دەکات (......) و بە(جانتا هەڵگر) ناویدەبات.

**9- ڕستەی سوێندخواردن:** قسەکەر لەمجۆرە ڕستەیەدا زۆر بەدڵنیایی دەدوێت و لەئەنجامدا سوێند دەخوات "کەتیایدا ناوی کەس و حیزب و سیمبولە سیاسیەکانی لایەنی ئامانج دەکرێنە ئامرازێک سوێندیان پێدەخۆن، بەمەبەستی وروژاندنی لایەنی بەرامبەر بۆ نمونە: بەو کوردستانەی کە ............ تەقەی تێدا نەکردووە." (حسن، 2014: 75).

**ئەنجام:**

1. شەڕی دەرونی گۆڕینی ئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕی بەرامبەرە، بەمەبەستی پرۆگرامکردن و بەئاڕستەبردنی بەرەو خواست و مەبەستێکی دیاریکراو، کە لەپێناو بەرژەوەندی کارلێکەردابێت. دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەدروستکردن و تیژکردنی ئەم شەڕەدا. سەرکەوتنی جەنگی دەرونیش پەیوەستە بەدیاریکردنی (خاڵی لاواز)ی مۆڤەکانەوە (تاک یان کۆمەڵ بێت)، بەمەبەستی مسۆگەرکردنی مەرامەکانی کارلێکەر.
2. زمان بەچەکێکی بەهێزو ترسناکی ئەم شەڕە هەژماردەکریت، چونکە تەنها لەڕێگەی یەک دەربڕینەوە (وشە یان ڕستە بێت) کاریگەری و ئاسەوارێکی توند لەدوای خۆی جێ دەهێڵێت.
3. وشە لەشەڕی دەرونیدا بەدوو جۆر واتا بەکاردەهێنرێت، ئەوانیش (واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی)یە، لەڕێگەی هەردوکیانەوە شەڕی دەرونی ئەنجامدەدرێت، بەڵام بەپلەی یەکەم پەنا بۆ واتای پراگماتیکی (پراگماتیکی فەرهەنگی) دەبرێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە. سەرجەم جۆرەکانی وشەش لەم شەڕەدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام وشەی ئاخاوتن بەربڵاوترین و قورسترین جۆری وشەیە کە پەنای بۆ دەبرێت.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

4. ڕستە ڕۆڵێکی سەرەکی لەشەڕی دەرونیدا هەیە، ئەمیش بەهەمان شێوەی وشە بەدوو واتا بەکاردەهێنرێت (واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی)، لێرەشدا واتای پراگماتیکی زیاتر هانای بۆ دەبرێت بۆ ڕوخاندنی ورەی کارلێکەر. هەموو جۆرەکانی ڕستەش لەم پرۆسەیەدا بەشداری دەکەن، کە هەریەکەیان بەشێوازێکی تایبەت ئەسپی خۆی تاودەدات، بەڵام (ڕستەی توانج و ڕستەی سوکایەتی پێکردن) دیارترین و بەهێزترین جۆرە لەم سەردەمەدا پەنای بۆ دەبرێت.

## سەرچاوەکان:


قورئانی پیرۆز

### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

1- حسن، ڕێژنە سیف الدین، (2014)، **تایبەتمەندییە زمانییەکانی وشەو ڕستە لەشەڕی دەروونیدا**، هەولێر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

2- دزەیی، عبدالواحید موشیر، (2011)، **زانستی پراگماتیک**، هەولێر، چ1، چاپخانەی پاک.

3- شریف، عبدالستار طاهر، (1984)، **شەڕی دەروونی**، بغداد- عیراق، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ(67).

4- فەتاح، محەمەد مەعروف، (1990)، **زمانەوانی**، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، چاپخانەی دارالحکمة.

### سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

5- الأيوبي، الهيثم (1979)، **الموسوعة العسكرية**، بيروت – لبنان، المؤسسة العربية للدراسات والنشر،ج2.

6- البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله، (1422ھ)، **صحيح البخاري**، تحق: محمد زهير بن ناصر، مصر، دار طوق النجاة .

7- زهران، حامد عبدالسلام، (1979)، **علم النفس الاجتماعي**، الرياض – السعودية، ط6، عالم الكتب.

8- سميسم، حميده مهدي، (2004)، **الحرب النفسي**ة، بغداد – العراق، الدار الثقافية للنشر .

9- عبدالسلام، خالد، (2011)، **الحرب النفسية انعكاساتها على الافراد والمجتمعات العرب - اسلامي**ة، سطيف – الجزائر، مجلة شبكة العلوم النفسية العربية، العدد 29 – 30.

10- من اقوال نابليون: www. Mawdoo3.com

11- النجار، فهمي، (2005)، **الحرب النفسية اضواء اسلامية**، الرياض- السعودية، دار الفضيلة.

12- نصر، صلاح، (1966)، **الحرب النفسية**، ج1، القاهرة.

13- نوفل، احمد، (1989)، **الحرب النفسية (كتاب الاول – مدخل عام)**، عمان،ط2، دارفرقان .

10- النيسابوري، مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري (2006)، **صحيح مسلم**، تحق: نضر بن محمد الفارابي أبو قتيبة، القاهرة – مصر، دار طيبة.




DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**ملخص**

إن الحرب النفسية عبارة عن نزع كافة الأفكار والمبادىء والايديولوجيات من عقل الإنسان وذهنه، وهي وسيلة من وسائل اثارة شعور الآخر و برمجته بما ينسجم مع تحقيق متطلباته التي يسعى إليها، ومن ثم محاولة لكسر معنوياته وتحطيمها ودحرها بغية إعداده لقبول ما يملى عليه من الأفكار، وتشجيعه على تنفيذها و مساعدته لتحقيقها.

إن للغة دور رئيسي فاعل في سيرورة الحرب النفسية، وذلك من خلال الألفاظ والجمل والعبارات التي تتحكم في هذه الحرب والتي تعد وسيلة ناجعة للسيطرة على الآخر والتحكم به، فالذي يضمن نجاح هذه الحرب هو نقطة ضعف الآخر، سواء أكان ذلك الآخر فردا أم جماعة، فالإنسان يلجأ إلى الحرب النفسية نطقاً و كتابة، وفي كلا الحالتين يحقق مآربه التي يقوم بدراستها والتخطيط لها مسبقاً، وإن لوسائل الإعلام وشبكات التواصل الاجتماعي دور فعّال في تنشيط هذه الحرب التي تسير على وفق اتجاهين مختلفين، اتجاه العنف واتجاه اللين أو الإعتدال. لقد سار هذا البحث على وفق المنهج الوصفي التحليلي، واقتبست النماذج من الأحاديث اليومية والكتابات المستعملة من قبل الأفراد، وتكمن أهمية هذه الدراسة في تسليطها الضوء على استعمال تلك الألفاظ والجمل بغية تحقيق الاهداف الخاصة المنشودة. وقد توزع البحث على ثلاثة مباحث، تحدثنا في المبحث الأول الموسوم بـ( الحرب النفسية و أهدافها) عن تفاصيل الحرب النفسية نظرياً. أما المبحث الثاني والمعنون بـ (تأثير اللفظ في الحرب النفسية) فجاء تطبيقاً لدور اللفظ وأهميته في الحرب النفسية. والمبحث الثالث المسمى بـ( تأثير الجملة في الحرب النفسية) سلّط الضوء على مكانة الجملة وأهميتها وتأثيراتها في شن الحرب النفسية، و قد ذيّل البحث بخاتمة لأهم النتائج التي توصل إليها.



## Abstract

Psychological warfare is the removal of all ideas, principles and ideologies from the mind and mind of man. It is one of the means of arousing the feelings of an enemy and programming him/her in accordance with the fulfillment of the requirements that he/she seeks, and then try to destroy and defeat their morale in order to prepare them to accept the ideas that they are dictated and then encourage them to implement those ideas and assist them to achieve them. Language has an important role to play in the psychological warfare process through words, sentences and phrases that control this war; it is certainly an effective means of controlling and controlling the other. What guarantees the success of such a war is the weakness of the other, whether an individual or a group. The media and social networks play a vital role in activating such a war, which follows two different directions: violence and mildness or moderation. This research has been conducted according to the descriptive analytical approach. The models were derived from the daily conversations and writings produced by people. The value of this paper lies in highlight the use of the words and expressions that are used to achieve the desired goals. The research is divided into three sections. In the first section, the psychological warfare and its goals, the researcher has discussed the details of psychological warfare in theory. The second section, entitled (Effect of the word in psychological warfare), investigates in application the role of the word and its importance in psychological warfare. The third section, the Effect of Sentence in Psychological Warfare, highlights the status of the sentence, its importance and its vitality in launching a psychological warfare. Finally, the researcher concludes the study with a summary of the findings.




DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper25 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019